# سەرچاوەیەک داوا دەکات جێگایەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ پشکنینی پەردەی کچێنی

ئا/ نیاز عومەر

ئەو کە بنەماڵەی خۆی و مێردەکەی خەڵکی گەڕەکێکی ئەم شاری سلێمانیەن، لە ڕۆژی بووکێنیەکەیدا هەر ئەوەندەی خۆش بوو کە لەگەڵ مێردەکەی چوونە پەردەوە. دوای هەوڵدانێکی زۆری مێردەکەی کە نەیتوانی بیکات بە ژن، لەگەڵ ئەو هەموو ئازاردانەی کە مێردەکەی ئازاریدا بەڵام نەهاتنی چەند دڵۆپێك خوێنی پاکیزەییەکەی شەوی هەنگوینیەکەی لێکرد بە ژەهری مار. دواتر کەس وکاری هەردووکیان لەم کێشەیە ئاگادارەکرێنەوەو ئە ووتی "ئەو بەیانیە باوکم نانی نەخواردو نەچووە دەرەوە، دایکیشم پرسەیەکی نهێنی دانابوو، خوشکەکانیشم دەیانووت تەلاق دەدرێین و براکانیشم دانەکیرەیان لێدەکردم و دەیانووت دەتکوژین". بریار لەوە درا ببرێم بۆ پشکنین و پورێکی هاوسەرەکەم لەگەڵ نێررا بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری، کە زۆر ژیرانەو لە ژێر لێوەوە حاڵەتەکەمی بە تۆمارکەرەکە ڕاگەیاند، بەڵام هەستم دەکرد هەموو ئەوانەی لەوێدا بوون بە تۆمەتبار تەماشام دەکەن، کە ئەمە هێشتا هەر گومان بوو.

سەرقاڵی پزیشکەکان لەو ڕۆژەدا پشکنینەکەمی دواخست بۆ دوای سەعات ٤ی ئێوارە کە دوو پۆلیس وەك تاوانبارێك پێش خۆیان دابووم و تاوناتاوێك گوێبیستی چەند ووشەیەکیان دەبووم، بەڵام ئەوەی کە تەواو منی ڕوخاندو شەرمەزاری کردم ئەوە بوو یەکێکیان بەوی تری ووت "شەرەف گرانە، بەڵام ئەمە کاسبیە ئێمە دەیکەین؟". لەم ساتەدا لە شەرمەزاری خۆمدا وامدەزانی بوونم یەکسانە بەو پەردەیە. بۆیە ئەو چەند هەنگاوەم تا ژووری پزیشکەکە لا بووە ساڵێك و نەدەبڕایەوە. من کە هەموو پارچەکانی جەستەم ببون بە یەك پارچە، ئەویش بێ درك کردن بەم هەستەی من بەسەرمدا دەیخوری و پێی دەووتم قاچت بکەرەوە دەڵێم قاچت بکەرەوە، لە هەموو تەماشاکردنەکانی ئەو بۆ من ئەوە دەبینرا کە من وەك هاوڕەگەزێکی ئەو سەریم شۆڕ کردووە. پاش چەند چرکەساتێك مژدەی ئەوەی پێدام کە کچم و پەردەکەم مەتاتیە.

ئەمە یەکێکە لەو نموونانەی کە بە گومان و بە ناچاری و بە مەبەستی پشکنین و سەلماندنی پەردەی کچێنیان دەبرێنە بەشی پزیشکاری دادوەری و لەوێشەوە ئاراستەی بەشی نەشتەرکاری نەخۆشخانەی فێرکاری دەکرێن، لە دوای وێرانبوونی باری دەروونیان بە هۆی ئەم دۆخە کۆمەڵایەتیەوە ڕوودەکەنە سەنتەرەکەمان و ڕاستیەکان دەدرکێنن. لە ئەنجامی چەندبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتانەو زیادبوونی ڕێژەکانی خۆکوژی و سووتانی ژنان، کە ئەم بارە ناهەموارە دەروونی و کۆمەلایەتیانە هۆکارێکن بۆ ڕوودانیان، پێویستە جارێکی تر چاو بە ڕێوشوێنی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەی پشکنین و ئاراستەکردنەی ئەم کەیسانەدا بهێنرێتەوەو ئەرکی هەموو لایەکە کە گۆڕانکاری و چاکسازی لەم بوارەدا بکات. سەرچاوەیەك لە سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان ڕایگەیاند کە یەکێك لە فاکتەرەکانی خۆکوشتن و سووتاندنی ژنان بە هۆی لەدەستدانی متمانەی کۆمەڵایەتیەوەیە، کە بەزۆری بە هۆی گومانەوە دێن و زۆربوونی ئەم گومانانەش لە کەمتەرخەمی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە پشکنینی پەردەی کچێنی و کرداری سێکسیەوەیە، سەرچاوەیەکیش لە فەرمانگەی تەندروستیەوە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات ئەوەی پشتڕاستکردەوەو ووتی" ئێوە گەر دەتانەوێ خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن فشارێك بخەنە سەر حکومەت بۆ بایەخدانی زیاتر بە کردنەوەی جێگایەکی تایبەتی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بۆ پشکنینی ئەم حاڵەتانەی کچان و ژنان". ئەو سەرچاوەیە ڕوونیکردەوە کە زۆربەی ئەوکچانەی لە دوای دەوامی ئاسایی دەبرێن بۆ پشکنین لەگەڵ پۆلیسێك یان دواندا دەنێردرێن و لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو حاڵەتە ڕەچاو ناکرێن، ئەمەش بە یەکێك لە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و ژنان دادەنرێت کە زۆر گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. بەو بەڵگەیەی لە کۆمەڵگەیەکی سونەتی وەك ئێمە مێینە بوون تێیدا یەکسانە بە سەلامەتی پەردەی کچێنی.

بەهۆی کەم و کوڕی بەشی پزیشکاری دادوەری و بچووکی بیناکەیەوە بەڕێوەبەرایەتیەکە ناچاردەبێت بە ناردنی ئەم حاڵەتانە بۆ نەخۆشخانەکانی تر بۆ پشکنین وەك د. بەرزان محەمەد عەلی بزیشك و پسپۆڕی دادوەری و لێپرساوی پزیشکاری دادوەری سلێمانی دەڵێت "ناردنی ئەم حاڵەتانە بۆ دەرەوەی بەشەکە خۆی بۆ خۆی شێوازێکی نا یاسایی بەخۆوە دەبینێت، چونکە پێویستە پشکنینەکان هەمووی لە ژێر چاودێری پزیشکی دادوەردا بێت و هەر ئەوانیش بەرپرسن لە نووسینی ڕاپۆرتی کەیسەکەو وەڵامدانەوەی لایەنە لێکۆڵەرەوەکە".

ناوبراو ڕوونکردنەوی زیاتر لەمەڕ پۆلێنکردنی ئەو حاڵەتانەی بە گومانی سێکسی و سەلماندنی پەردەی کچێنی ڕوودەکەن لایان دەداتو باس لەوە دەکات، لە کاتی دەوامی ئاساییدا گومانلێکراوە نێرینەکان و مێینەکان بە کاری پاشبازی ڕەوانەی بەشی نەشتەرکاری نەخۆشخانەی فێرکاری دەکرێن و مێینەکانیش بۆ سەلماندنی پەردەی کچێنیان ئاراستەی نەخۆشخانەی منداڵبوون دەکرێن. بەڵام لە دوای دەوامی ئاسایی هەموو حاڵەتەکان بە هەردوو ڕەگەزەوە دەنێردرێنە نەخۆشخانەی فێرکاری.

د. بەرزان پێی وایە کە جگە لە کەم و کوڕی بەشەکە، کێشە لە ناردنی ئەو کەسانەو بە تایبەتی مێینەکاندایە بە مەبەستی پشکنین بۆ ئەو نەخۆشخانانەی کە تایبەت نین بەم بوارەو باری دەروونی مێینەکە کاتێ بە گومانێکی لەو جۆرە بۆ پشکنین دەنێردرێن و بەر تانەو تەشەری ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەکەون، ئەمە لە کاتیکدا کە ئەم کارەو لە وڵاتە پێشکەوتواکاندا سەنتەرێکی تایبەت دەیبات بەڕێوەو کاری پشکنینەکان و نووسینی ڕاپۆرتەکان تەنها بە پزیشکی دادوەری دەسپێردرێت، کە پێویستە ئەم پزیشکانە ڕاپۆرتەکانیان زۆر نهێنی و پارێزراو بێت چونکە ئەو ڕاپۆرتانە زۆر جار گرفتی زۆر گەورەو کارەساتی کۆمەڵایەتی سەختیان لێدەکەوێتەوە.

کاری پشکنینی پەردەی کچێنی و ڕووداوە سێکسیەکان، لە مرۆڤاو لە نەخۆشخانەکانی منداڵبوون و فێرکاریدا، بە لیژنە ئەنجام دەدرێت کە پێویستە لە ٣ کەس پێکهاتبێ، پزیشکێکی پسپۆڕ و دوو دکتۆری موقیم لەخۆدەگرێت. هەرچی پشکنینی پەردەی کچێنیە لە نەخۆشخانەی منداڵبوون و لەلایەن پزیشکەمێینەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام گومانلێکراوە مێیەنەکان بە کاری پاشبازی بە هەمان شێوە لیژنەیەك ئەنجامی دەدات بەمەرجێك یەکێك لە ئەندامەکانی مێینە بێت.

ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی بۆ پشکنین دەنێردرێنە بەشەکەیان ٩٥% ی دەرئەنجامەکانیان بە نێگەتیڤ دێتەوە، واتە کاری سێکسیان ئەنجام نەداوەو پەردەی کچێنیان لەدەست نەداوە. بە گوێرەی قسەکانی د. بەرزان تێپەربوونی ئەو کەیسانە بەم قۆناغانەی پشکنین و بەرچاوخستنی حاڵەتەکەیان لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك، شانبەشانی دەرکەوتنی دەرئەنجامە یاساییەکە بۆ خۆی تاوانێکە بەرامبەر کەسێکی بێ تاوان دەکرێت کە لەوانەیە ژیانی هاوسەرێتی کەسەکە لەدەست بدات.

ئەو نیگەرانە لەوەی کە هێشتا لەلای ئێمە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان و خۆکوژییەکانی ژنان لەو ئاستەدا نین کە دەرئەنجامەکان بە تەواوی دەربخەن بۆ ئەمەش دەڵێت "پێویستە لێرەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئەم هەموو ژنە بۆ دەکوژرێن و یاخود خۆیان دەسووتێنن".

ناوبراو ئاماژە بە زیادبوونی ڕێژەی خۆسووتانەکانی ژنان دەدات کە هەر ئەمساڵ زیاد لە ٢٥٠ حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان تۆمارکراوە، ئەو پێی وایە "ناکرێت هەموو ئەم حاڵەتانە بۆ خراپی باری دەروونی بگەرێنینەوە".

د. بەرزان بۆ دڵنیایی و بەرگرتن لەو بارە دەروونیەی کەیسەکە پێیدا تێپەردەبێت پێشنیاری هەبوونی ئەندامێکی مێینە لە لیژنەکانی پشکنینەکاندا دەکات، ئەویش بۆ متمانەو شەرعیەتدان بە ئەنجامدانی پشکنینەکان، وەك دەڵێت "ئێمە هەموومان مرۆڤین و خاوەن غەریزەین و کەسیشمان بەدەرنین لە هەڵەکردن ئیتر چ دکتۆر یاخود پۆلیس بین".

بۆ گەڕاندنەوەی شەرەفی خێزان کچەکەی دەکوژێت و دەڵێت:

# "ئەو منی بەخەم کوشتبوو، پێش ئەوەی من ئەو بکوژم"

و/ لەئینگلیزیەوە:
شیلان حامد

روفەیدە لەتەمەنی هەرزەکاریدا بوو، کە بە ویستی خۆی لەلایەن براکانییەوە لاقە کراوە لەناوچەی ابو قاش لەرۆژئاوای بانك لەفەلەستین، ئەو نەیدەویست خۆی بکوژێ، ئەگەرچی چەند جارێك هەوڵی داوە بەگوێزان مەچەکی بریندار بکات، بەڵام سەرەنجام ئەمیرە أبو حنان قاعود واتە دایکی بۆ گەڕاندنەوەی شەرەفی خێزانەکەی لە ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ بەنیازێکی پێشوەخت بڕیاری کوشتنی دەداتو دەیکوژێت.

پاش ئەوەی قاعود چووە ژوری نوستنەکەیەوەو بڕیاریدا کە دەبێت روفەیدە ئەمشەو بمرێت، بۆ هێنانەدی مەبەستەکەی روی کردە ژورەکەی روفەیدە لەناکاودا دەستی کرد بەبریندارکردنی و مەچەکی بێگوێدان بە ئازارو ناڵەی کچەکەی کە دەیوت "تکایە نا، دایە نا" پاش ئەوەی بەهۆی خوێنبەربوونەوە روفەیدە بێهۆش بوو قاعود دارێکی تەختەی کێشا بەسەریدا کە پێشتر بۆی ئامادە کردبوو.

پاشان قاعودی تەمەن ٤٣ ساڵ بەفرمێسك بارانی چاوی و جگەرەکانیەوە کە بەخێرایی و یەك لەدوای یەك دەیکێشا ئاشکرای کردو وتی "ئەو منی بەخەم کوشتبوو، پێش ئەوەی من ئەو بکوژم"، هەروەها وتی "پێویستە لەسەر من پارێزگاری خێزانەکەم بکەم و ئەمەش تاکە رێگەیە کە بتوانم پارێزگاری لەشەرەفی خێزانەکەم بکەم".

برا تاوانبارەکانی ئێستا لەزینداندان و قاعودیش دانی بەتاوانەکەیدا نا، وە تەنها شتێك کە دوبارە بکرێتەوە لەنێو فەلەستینیەکان ئەوەیە کە سومعەو شەرەفی خێزانەکان بەداوێن پاکی و باشی ئافرەتان پێناسە دەکرێ لەکلتوری عەرەبدا، وە ئەگەر پریشکێ بەر سومعەیان بکەوێ یاخود لەکەداربێ تەنها ژنانن کە دەبێ باجەکەی بدەن.

بەپێی وتەکانی سواد أبو دیە کە لەسەنتەری ژنان کاردەکات لەبەشی جلسات و هاوکاری کردن لەرۆژهەڵاتی ئۆرشەلیم رایگەیاند "هۆکارەکانی تاوانی شەرەف و بەرزبونەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر سەرقاڵ بونی فەلەستینی و ئیسرائیلی یەکان بەمەسەلەو باری سیاسی و سەربازییەوەو پشت گوێ خستنی بوارەکانی تر".

هەروەها بەپێی وتەکانی نەدیرە شال هوب کە لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی و پرۆفیسۆر لەبەشی تاوانزانی لەزانکۆی هەبریو لەئۆرشەلیم و وە پسپۆڕ لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان رایگەیاند "هۆکاری وروژێنەری کێشەکان تەنها هەژاری و شەڕە".

هەروەها وتی "پیاوان هیچ هێزو دەسەڵاتێکیان نی یە جگە لە دەسەڵاتیان بەسەر ژنانەوە نەبێ".

بەپێی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی فەلەستینی دەرکەوتووە لانی کەم ١٨ تاوانی کوشتن لەسێ ساڵی رابردوودا رویداوەو هەروەها ئاشکراشی کرد ژمارەی کوژراوان لەبەرزبونەوەدایە کە تیایاندا بەتەنها کێشەکەی قاعود لەلایەن داواکاری گشتی یوسف تەریقی لەرام الله دیاری کراوە.

هەروەها شالهوب وتی "بەپێی لێکۆڵینەوەکانی رابردوو دەرکەوتووە ژمارەی کوژراوان ١٥ هێندە زیاترە لەژمارەی ئەوانەی کە حاڵەتەکانیان تۆمارکراوە".

لاوازبوون و گەندەڵی دەسەڵاتی شەرعی لەرۆژئاوای بانك لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوەو گەشەکردن و کاریگەری فاکتەری ئیسلامی و رێگەدان بەعەشیرەت و دابەش کردنی یاسا بەسەریاندا بووەتە هۆی بەرزبونەوەی ژمارەی کوژراوان.

شالهوب وتی "لەکاتی نیگەرانی و ئاژاوەدا هەموو پیاوێك وادادەنێت کە کەمێك قورئان دەزانێت وە واشی بۆ دەچێت کە تەنها مەسەلەی شەرەف بەکوشتن چارەسەر دەکرێ"، هەروەها وتی "رابەری نوسراوەکانی موسوڵمانان لەئۆرشەلیم و ئەردەن رەخنە لەکوشتن دەگرێ".

قاعود وتی مێردەکەم عبدالرحیم تەمەن ٥٢ ساڵ پێی وتم "قورئان کوشتنی قەدەغە کردووە، بەڵام نە تکای ئەم و نەراوێژو قەیرانی فەلەستین نەیگۆڕیم".

بەپێی تۆمارەکانی دادگا روفەیدە لەلایەن براکانی، فهدی تەمەن ٢٢ ساڵ و علی تەمەن ٢٠ ساڵ کە لەسەر جێگای نوستن بەشداریان لەگەڵ کردووە لاقە کراوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە دکتۆر لەنەخۆشخانەی نیەربای بۆ چارەسەری برینی قاچی ئاشکرای کرد کە سکی هەشت مانگە.

دەسەڵاتداری فەلەستین بڕیاریدا بەناردنی بۆ شێڵتەری ژنان لەبیت لحم تاکو بەشێوەیەکی تەندروست منداڵەکەی ببێت.

لەکاتێکدا روفەیدە دەیویست بگەڕێتەوە نێو خێزانەکەی لەرام الله لەدەوروبەری أبو قاش بۆ ئەم مەبەستەش مستەفا عیسا چەند کۆبونەوەیەکی لەگەڵ خێزانەکەی و گەورە پیاوانی گوندا ئەنجامدا، هەروەها روفەیدە وتی "پێویستە هەر یەکێك لەخێزانەکەم یان گوندەکەم بەڵێن بدەن کە لێم کۆنەبنەوەو دەورم نەدەن".

روفەیدە گەڕایەوە ماڵ لەکۆتایی مانگی یەك بەبێ هەست کردن بەهیچ لێپرساوێتیەك، قاعودی دایکی وتی "ناتوانم بەرگەی شەرمەزاری بگرم، بەهۆی گەڕانەوەی روفەیدە بۆ ماڵەوە هاوڕێ و کەسەکانم نەیاندەویست قسە لەگەڵ خێزانەکەمدا بکەن، مێردی کچە گەورەکەشم رێگەی پێ نەدەدا کە سەردانمان بکات".

لەکۆتایی مانگی شەشدا روفەیدە نامەیەکی نارد بۆ راوێژکار لەسەنتەری أبو دیە لەرۆژئاوای ئۆرشەلیم کە تیایدا ئاماژەی بەوە دابوو کە ژیانی لەمەترسیدایە، بەڵام ئەوان لەگەڕانەوەدا بون، بۆیە داوای لەپۆلیسی فەلەستین کرد لەرام الله کە دەسەڵاتی یاساییان هەبوو بەسەر ناوچەی أبو قاشدا، بەڵام پۆلیسەکان وتیان "ناتوانین بگەینە ماڵی قاعود بەهۆی بازگەکانی ئیسرائیلەوە".

لەکاتێکدا هەرسێ منداڵە گەنجەکەی رۆیشتبون بۆ ماڵی ئامۆزاکەیان، قاعود مێردەکەی نارد بۆ لای دکتۆر لەنیەربای لە بیرزیت کە بەدەست نەخۆشی دڵەوە دەیناڵاند. قاعود لەسەعات ١١,٣٠ شەو روفەیدەی کوشت.

تەریقی وتی "باوکی دانی پێداناوە کە ئەویش لەو تاوانە بەشداربووە". بەڵام دواتر جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە دایکی تاوانەکەی بەتەنها ئەنجام داوە.

قاعود گەڕایەوە شوێنی خۆی پاش بەسەربردنی چوار مانگ لەزیندان ئازادکرا بەپێی بڕیارێکی بڕیار لەسەر نەدراو لەسەر کێشەکەی. وە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قاعود دایکەو هەوڵ دەدات پارێزگاری لەشەرەفی خێزانەکەی بکات.

تەریقی وتی براکانی سزادران بە کەمتر لە ١٠ ساڵ زیندانی فەلەستین لەرۆژئاوای شاری بانك بەتۆمەتی لاقەکردنی کەسی نزیکیان.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو ژورەی کە روفەیدەی تیا کوژرابوو کرا بەژوری مخزن و هەمو وێنەکانی پارچە پارچە کران و جلەکانی سوتێنراو یادگاریەکانی سڕایەوە. وە لەهەمان کاتیشدا براکانی روفەیدە لەناو خێزانەکەیاندا دەمێننەوە.

هەرچەندە سڕینەوەی بیرەوەرییەکان گرانە، بەڵام گەڕانەوەی قاعودو شادبوونەوەی بەهەر سێ منداڵەکەی کە لەماڵەوە دەژیان بەتایبەتی فاتمەی تەمەن ٩ ساڵ بووە هۆی لەیادکردنی خەم و ئازارەکانی.

منداڵەکان وتیان "ئێمە دایکمان دەبەخشین، چونکە بووە هۆی گەڕانەوەی خۆشی و شادی بۆمان"

فاتمە بەزەردەخەنەیەکی شەرمەوە وتی "دایکم بۆیە ئەم کارەی کرد، چونکە نەیدەویست ئێمە لەلایەن خەڵکەوە سزا بدرێین".